## "نا بۆ یاسای شەریعەت لە عێراق" ئەمساڵیش لە ڕیزی پێشەوەی ڕێپێوانەکانی 8 ی مارسدا بوو لە نەرویج!



لە چەند ڕۆژ پێش لە 8 ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانەوە هەڵسووڕاوانی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق لە نەرویج چەندین دیدار و کۆبوونەوەیان سازدا بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ ژنانی عێراق.

لە شاری فرێدریکستاد کۆبوونەوە لەگەڵ ئەحزاب و لایەنەکان کە بریتین لە ئاکۆپێ(پارتی کرێکارانی کۆمۆنیست)، ئارڤێ (بەرەی سوور)، سۆس راسیزمە (لە دژی ڕاسیزم)، کڤینەساکسفۆرێنین (ڕێکخراوی کێشەی ژنان)، بەشی ژنانی سەر بە ئاپێ (پارتی کرێکاران)، سازدرا وە لەسەر باسەکان و شیعارەکان ڕێک کەوتن، کە ئەمانە بوون (نا بۆ حکومەتی ئیسلامی لە عێراق، بەڵێ بۆ دەستورێکی سکولاری، نا بۆ یاسای شەریعەت لە عێراق....)

وە ڕۆژی 26.02 کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەری سازکرا لە لایەن هەڵسووڕاوانی ژنانی نەرویجی وە پەیمان غەریب و شیرین محسن لە لایەن ڕاژ ەوە کە هەردووک ڕۆژنامەی ناوخۆیی فرێدریکستاد بلاد و دیموکراتن لە ڕۆژی دواتردا لە ژێر ناوی (خەباتی گرنگی ژنان) دا بڵاویان کردەوە. شیرین لەوێدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە ڕاژ کار بۆ هەڵوەشانەوەی دەستوری ئیسلامی ئەکات و هەوڵ ئەدات بۆ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و کار بۆ یەکسانی ژنان لەگەڵ پیاواندا ئەکات.
هەروەها بڵاوکراوەی دیموکراتن و فرێدریکستادبلاد، لە ڕۆژی 8 ی مارسدا تەواوی بەیاننامەی ڕاژ یان بە زمانی نەرویجی بڵاوکردەوە.
ڕۆژی 8 ی مارسیش، لە بەردەم کتێبخانەی فرێدریکستاد و بەردەم هەیکەلی کاتی ئانکەرمۆلە، کە ڕەمزی یەکسانی و ئازادی ژنە لەم شارە، کۆبوونەوە و لەوێ بەهار مونزیر بە ناوی ڕاژ ەوە قسە و باسی کرد، باسی لەسەر وەزعی ژنانی عێراقی لە نەرویج کرد. دواتر بە ڕێپێوان بەرەو ناوشار بەڕێ کەوتن بۆ بەردەکی کافەی (کاتی). لەوێ هەڵسووڕاوانی ڕێکخراوەکانی ژنان بڕی 1610 کرۆنیان بۆ سەنتەری پارێزگاری ژنان لە بەغداد کۆکردەوە. دواتر شیرین محسن ووتەیەکی لەسەر سەنتەرەکانی ژنان لە عێراق قسە و باسی کرد و تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەوەی ڕوودەدات بە گشتی و دژ بە ژنان بە وێنەی خوێن بارانە لە عێراق. ئەمریکا وەزعی ژنانی خراپتر کردووە و ئێستاش هاتوون هەندێ خێڵ و عەشرەتیان کۆکردۆتەوە کە ئەیانەوێ قانونی شەریعەت لەوێ بەسەر سەری ژنانەوە جێبەجێ بکەن کە ئەمەش چەوساندنەوەی ژنان زیاتر و زیاتر ئەکات. وە لەسەر خانەکانی پارێزگاری لە ژنان ووتی:

لەوێ دوانمان هەیە هەرچەندە کافی نیە بۆ دەریایەک لە کێشەی ژنان کە هەیە بەڵام توانیومانە بەمە کۆمەک بکەین بە بەشێک لە ژنان. ئەو خانانەش بێگومان پێداویستی ڕۆژانە و ئیدامەدانی ئەوێ کە توانیومانە بە هۆی کۆمەکی دەرەوە درێژەی پێ بدەین. ئەم کۆمەکەی ئەمڕۆ مانایەکی زۆر گەورەی هەیە بۆ ژنانی عێراق. وە داوای کرد کە چ وەک ئەفراد وە چ وەک ڕێکخراوەکان ببن بە سپانسۆری ڕاژ. ئەم ڕێکخراوەی ئێمە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و پێویستی بە هاوکاری و کۆمکەی نێونەتەوەیی هەیە. بڵاوکراوەکان هەر لەسەرەتای ڕێپێوان و مەراسیمەکەوە ئامادە بوون. هەروەها کۆمەڵێک ئیمزا بۆ بانگەوازەکەی ڕاژ کۆکرایەوە. بۆ ڕۆژی دواتر وێنەی ڕێپێوان و شیعارەکانی ڕاژ یان بڵاوکردەوە. بڵاوکراوەی فرێدریکستاد لە ژێر سەردێڕی "تەرکیز لەسەر عێراق" دا نووسیبووی: "ڕاژ نوێنەرایەتیەکی باشی نواندبوو لە ڕێپێوانی 8 ی مارسی ئەم شارەدا. بەهار مونزیر بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە لە نەرویج باسی لەوە کرد کە ژنانی عێراقی و خاریجی لێرە دوو جار ئەچەوسێنەوە، نە لەگەڵ پیاوەکانی خۆیان یەکسانن وە نە لەگەڵ ژنانی نەرویجیشدا یەکسانن. هەروەها بەهار باسی لەوە کرد کە داگیرکاری ئەمریکا و بەریتانیا کۆمەڵگای عێراقی بردۆتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. کووشتنی ناموسی، ملپەڕاندن، حجابی بەزۆر، چەوساندنەوەی ڕەگەزی بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەی ژنان لە عێراق".

لە ئۆسلۆش لە ڕۆژی 01.02.2006 ەوە کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی بەشدار لە کۆمیتەی 8 ی مارسدا سازدرا کە بەهار مونزیر و قومری عادل ئامادەی بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەم شیعارانە وەک بەشێک لە شیعارەکانی 8 ی مارسی ئەمساڵ جێگیر کرا (نا بۆ شەریعەتی ئیسلامی، وە پاراستنی کچانی گەنج لە زەوجی زۆرەملێ).
ڕۆژی 04.03 لەبەردەم پەرلەمانی نەرویج پیکیتێک سازکرا کە تراکتەکان و پۆستەری ڕاژ بەدەستەوە گیرابوون. هەروەها ڕۆژی 8 ی مارس بەشداری لە ڕێپێوانی ڕێکخراوەکانی ژناندا کرا بە لافیتەی سەربەخۆوە کە شیعارەکەی بریتی بوو لە (8 ی مارس ڕۆژی نا ووتنە بە دەستور و حکومەتی ئیسلامی). لەگەڵ چەندین تراکتی تر (نا بۆ یاسای شەریعە) کە هەر ئەمەش وەک یەکێک لە شیعارەکانی کۆمیتەی 8 ی مارسی ئەمساڵ قبوڵ کرابوو. سەدان نوسخە لە بەیانی ڕاژ بە زمانی نەرویجی بڵاوکرانەوە.
هەروەها ئێوارەی ڕۆژی 10.03 ئاهەنگێکی ڕازاوە بە بۆنەی 8 ی مارسەوە لە لایەن ڕاژ ەوە سازکرا. ئاهەنگەکە لە لایەن شەوبۆ مورادەوە بەڕێوە ئەبرا کە سەرەتا بە ووتەیەکی کورتی بەهار مونزیر دەستی پێ کرد و دواتر برگەکانی تری ئاهەنگەکە دەستی پێ کرد کە بە چەند پارچە هۆنراوە و برگەی پرسیار و وەڵام و مۆسیقا و گۆرانی شاد تا شەو درێژەی هەبوو.

لە شاری ماندالیش لە باشوری نەرویج کۆمیتەی 8 ی مارسی ڕێکخراوەکانی ژنانی ئەو شارە مەراسیمێکی سازدا کە تیایدا بەیاننامەی ڕاژ یان بە زمانی نەرویجی خوێندەوە. وە چەند نوسخەیەکیش بەسەر ئامادەبووواندا بلاوکرایەوە.

ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق/ نەرویج
11.03.2006